# تەلارسازانە هێڵکاری بکە

نوسینی: دەیڤد درازیل




بڵاوکراوەی یەکەم | 2022

ڕەخنەی تەلارسازی

وەرگێڕانی: ڤەهێڵ ئاسۆ حەسەن
ڕاستی کاوێس عبدالله

تەلارسازانە هێڵکاری بکە

# تەلارسازانە هێڵکاری بکە!

نوسەر:
دەیڤد درازیل

وەرگێڕان:
ڤەهێڵ ئاسۆ حەسەن
ڕاستی کاوێس عبداللە

©
مافی چاپکردنی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ ناوەندی
ڕەخنەی تەلارسازی

بڵاوکراوەی یەکەم
2022

# دەروازە

ئەمە پەرتوک نیە، خولێکی پراکتیکیە! کردار و ڕاهێنان زیاتر نا، ئەوەی پێشکەشتی دەکەین بابەتێکی کردارییە. زۆر جار تەلارسازەکان دەڵێن ئارەزوو و سەلیقەی هێڵکاری کردنم نیە و ناتوانم فێرببم لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە تەواو هەڵەیە ، تۆ ئەگەر لە ژیانت دا هەرگیز بەژداری خولێکی هێڵکاریت نەکردووە و هەرگیز هەوڵت نەداوە لە هەمان کاتدا سەرزەنشتی خۆت بکەیت کە ئارەزووی هێڵکاریت نیە ئەمەیان ناهەقیە بەرامبەر بە خوودی خۆت.

ئەم کتێبە جیاوازە لە کتێبێکی ئاسایی بیخوێنیتەوە و پیاسەیەک بەناو زانیاریەکان بکەیت، بەڵکو خولێکی پراکتیکیە پێویستە بە پێنوسی ڕەساسی هێڵکاریکردن لەدیار ئەم کتێبە دابنیشیت و سەرجەم بڕگەکانی پێداچوونەوەی بۆ بکەیت، یان لەوانەیە پێویست بکات یەکێک لە ڕاهێنانەکان زیاتر لە جارێک دووبارەبکەیتەوە و مەشقی لەسەربکەیت تا دەگەیتە ئاستێکی خوازراو.

هەندێک لەزانیاریەکان بابەتی خوێندنەوەن و زانیاری پێویست وەردەگریت بەخوێندنەوەیان بەشێوەیەکی گشتی ئاستی زانیاریەکانت لەبارەی هێڵکاری زیاد دەکات بەڵام بنچینەی بابەتەکەمان پراکتیکیە,لە هەندێک لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبە هێمای چاپکردنت بۆ داندراوە پێویستە چاپی بکەیت و ڕاهێنان لەسەر کلێشە ئامادەکراوەکە بکەیت.

هەردەوێڵ عبداللە حەسەن

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| دەروازە | 1 |
| ناوەڕۆک | 2 |
| چۆن کاردەکات | 3 |
| **هەنگاوی 01** هێڵ و تەنە دووڕەهەندییەکان | 4 |
| **هەنگاوی 02** یاسا بنچینەیەکانی پێرسپێکتڤ | 14 |
| **هەنگاوی 03** سێبەر، ڕووچن و ماتریاڵ | 22 |
| **هەنگاوی 04** ئاوەدانکردنی هێڵکاریەکەت | 31 |
| **هەنگاوی 05** زیادکردنی سروشتی | 36 |
| **هەنگاوی 06** هێڵکاری پێرسپێکتڤی سەرنجڕاکێش | 43 |
| ڕونکردنەوە و وشەسازی | 54 |
| دوا قسە | 57 |
| دەربارەی وەرگێڕ و نوسەر | 58 |

# چۆن ئیش دەکات؟

ئەم کتێبە پێکهاتووە لە ٦ هەنگاو، هەر یەک لەم ٦ هەنگاوە دەبێتە ٤ بەش. پێشتر بۆت باس دەکەم کە چی فێردەبین و بۆ؟ پاشان تەکنیک و چەند تێبینی و ڕوونکردنەوەی بەسوودت پێدەبەخشم و دوای ئەوە فێر دەبیت لە ڕێی ئەو ڕاهێنانەی کە پێت دراون، لە کۆتایی هەر هەنگاوێک ڕاهێنانی تایبەت هەن کە دەتوانی ئەوەی فێر بوویت تاقیبکەیتەوە.

### چی و بۆ؟

چی فێر دەبین و بۆچی فێربوونی ئەو تەکنیکانە گرنگە بۆ هێڵکاری تەلارسازی

### تێبینی و کورتکراوەکان

تەکنیک و ئامۆژگاری بۆ ئەوەی دەیکەین و ئەوەی نەیکەین، زیاتر ڕێنوێنییە چونکە گەر یاسا بێ دەکرێ هەر کاتێ بێ بشکێنرێ.

### فێربوون

ڕاهێنان وات لێدەکات تەواو فێربێت، وانیە؟ بە هەمان شێوەیە بۆ هێڵکاری ..دەکرێ سوود لە ڕاهێنانەکان وەرگری بۆ دەست پێکردن بە هێڵکاری.

### جێ بەجێکردن


کاتی ئەوەیە کە ئەو تەکنیکانەی فێر بووی لە ڕاهێنانەکان لە مەشقی کۆتایی جێبەجێکەیت.

هەنگاوی 01


# هێڵ و تەنە دوو ڕەهەندییەکان

کە سەیری زۆربەی هێڵکاریە تەلارسازیەکان دەکەیت، لە کۆمەڵە هێڵێکی جیاواز پێکهاتوون. هەندێکیان شەپۆلی، نووک تیژ، زیگزاگ وە هەندێکیان ڕاستن. ئەم هێڵانە تەنها بۆ پلانکاری نین بەڵکو بۆ نیشاندانی جۆر و شێوە و سێبەر و بیناسازی و دەتوانین بڵێین هەموو شتێکە لە نەخشێنراوەکان.

وەک یەکەم هەنگاو فێری کێشانی هێڵە جیاوازەکان دەبین دەستپێدەکەین بە حەسانەوەی دەستمان و دۆزینەوەی شێوازی ڕێک بۆ پێنووس گرتن و جووڵاندنی دەست و قۆڵمان بە شێوەی دروست و ڕێک، و دەست دەکەین بە کێشانی هێڵی جیاواز.




جۆرە جیاوازەکانی هێڵ




تەنە دوو ڕەهەندیە بنچینەیەکان

## جۆرەکانی هێڵ

شەپۆلی




گۆشەیی



زیگ زاگ



نووک تیژ



خاڵ خاڵ



خاڵ داش



هێڵی ڕاست




چاپم بکە!

## پەڕی ڕاهێنان 01.1


شەپۆلی



نۆرەی تۆیە



گۆشەیی



نۆرەی تۆیە



زیگ زاگ




نۆرەی تۆیە



چاپم بکە!

# پەڕی ڕاهێنان 01.2

نووک تیژ



نۆرەی تۆیە

خاڵ خاڵ

نۆرەی تۆیە


خاڵ داش

نۆرەی تۆیە

هێڵی ڕاست

نۆرەی تۆیە

# کێشانی هێڵی ڕاست



بۆ کێشانی شێوەی دوو ڕەهەندی و دیمەنی پێرسپێکتڤی کە دواتر باسی لێ دەکەین پێویستە فێری کێشانی هێڵی ڕاست بین.

**باشترین تەکنیکی** کێشانی هێڵی ڕاست گەیاندنی دوو خاڵە بە کورترین هێڵ کە  بکرێت.
بە گشتی پێویستمان بە سێ جۆر هێڵ هەیە  بە پێی ئاڕاستەکانیان- **ستوونی، ئاسۆیی و لارەهێڵ(لاداو).** ئەم هێڵانە زۆر سوودبەخشدەبن لە هەنگاوەکانی داهاتوو لە هێڵکاری تەلارسازی.

ڕاهێنانی کێشانی هێڵی ڕاست بکە لە **پەرەی راهێنانی ١,٣** لە پەڕی داهاتوو.

چاپم بکە!


## پەڕی ڕاهێنان 01.3

# کێشانی تەنی دوو ڕەهەندی


کاتێک ڕاهاتی لە کێشانی هێڵ بەردەوام دەبین بۆ کێشانی شێوە دوو ڕەهەندیە سەرەکیەکان
بە گشتی ئەوەی پێویستمانە چوارگۆشە،سێگۆشە،لاکێشە،بازنە و نیوە بازنەیە.

کاتی هێڵکاری گرنگە کە **هەرلایەک بە یەک هێڵ لێدان درووستبکەین**،درووست نیە هێڵ بە سەر هێڵ دابێنین هەوڵ بدە یەک هێڵ بکێشی گەرچی ڕێکیش نەبێت، بەردەوام ڕاهێنانیان لەسەر بکە هێڵەکانت باشتر دەبن.

تێبینیەکی تری گرنگ ئەوەیە **هەمیشە هێڵەکانت بەیەک بگەیەنە و بۆشایی دروست نەبێت** بەڵکو بە پێچەوانەوە **یەکتربڕین لە گۆشەکان دروستبکە**، ئەوەیان شێوەیەکی زیاتر هونەری دەبەخشێتە هێڵکاریەکەت




تەنە دوو ڕەهەندیە بنچینەیەکان



پرۆسەی هێڵکاریکردنی تەنە دوو ڕەهەندیەکان

چاپم بکە!

## پەڕی ڕاهێنان 01.4




## ڕاهێنان

ڕاهێنانەکەت بۆ کارپێکردنی هێڵ و
تەنە ڕەهەندییەکان، بریتییە لە:
**هێڵکارییەکی سادەی دیمەنی شارێکی دڵخوازت**، ئەگەر ناتوانیت بیر لە هیچ شارێک بکەیتەوە ئازادبە لە هەڵبژاردنی وێنەیەکی خۆت یان لە گووگڵ بگەڕێ یاخود لە پینتریست یان هەر پلاتفۆڕمێک بە ویستی خۆت

مەبەست لەم ڕاهێنانە ئەوە نییە کە زۆر ئاڵۆزی بکەیت بەڵکو بەرجەستەکردنی جۆرە جیاوازەکانی هێڵە، هێڵی ڕاستی درێژ، تەنی دوو ڕەهەندی جیاواز وە هەروەها ئاشنا بیت بە بەکارهێنانی قورسی هێڵەکان


دوودڵ مەبە لەوەی کە کارەکەت زۆر بێخەوشبێت، سەرنجەکە پێویستە لەسەر ئەوەبێت کە باوەڕت بەخۆبێت لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکانەی پێویستن لە کێشانی هێڵ و تەنی دوو ڕەهەندی.


بەختێکی باش!



### تێبینی

تێبینی بکە چۆن قورسی هێڵ و وردەکاری بەکارهاتووە بۆ دروستکردنی قوڵایی لەم هێڵکارییانە





# کۆکراوە

دەی با ئەمانە کۆبکەینەوە، لەم پەڕە ئاشنا دەبیت بە گرینگترین تێبینی و ڕێگا کورتکراوەکان بۆ هێڵکاریکردنی ئەنە دوو ڕەهەندییەکان، ئەم ڕێنماییانە ڕێنیشاندەرتن بەڵام ئازادیت کامەی بە باشترین شێوە بۆت دەگونجێت بەکاربێنیت و ئەوانەی تر فەرامۆش بکەیت بەبێ دوودڵی.

## # 01

گرینگی بە ڕێکخستنی پەیوەندی باڕی دەستت لەگەڵ پەڕەکەی بەردەستت بدە

## # 02

بەتەواوی قۆڵت وێنە بکێشە، لە شانتەوە دەست بە جووڵە بکە

## # 03

هەمیشە بە دەستێکی نەرم وێنە بکێشە پێنوسەکەت ڕابکێشە لەوەی پاڵێبدەیت

## # 04

هێڵە هەڵەکانت مەسڕەوە بەڵکو لێیانەوە فێربە

## # 05

کارکردن بە تۆنە جیاوازەکانی هێڵ یارمەتیت دەدات بە پێناسەکردنی قوڵایی ڕووکار و درووستکردنی جیاکاری

## # 06

هێڵی درێژ دروستدەکرێت بە کێشانی تەواوی قۆڵت و پاڵپشتی دەستت بکەیت بە خشان لەسەر پەنجەی بچوکت

## # 07

تەنی دووڕەهەندی- هەر هێڵێک دەیکێشی، بە یەک ڕاکێشانێکی جیا بیکێشە

## # 08

یەکتربڕین لە گۆشەکان دروستبکە، دوورکەوە لە جێهێشتنی کەلێن


هەنگاوی 02

# یاسا بنچینەیەکانی پێرسپێکتڤ


بینینمان بۆ جیهان، بە پێی یاساکانی پێرسپێکتڤە، هەم بە شێوەیەکی هێڵەکی و فرەڕەهەندی، لەم بەشە بنچینەی هێڵکاری تەلارسازی
وەردەگرین کە پێکدێت لە پێرسپێکتڤی هێڵەکی یەک خاڵی و دوو خاڵی.

ئەوەی گرینگە درکیپێبکەین دەربارەی پێرسپێکتڤ کە لە هەموو شوێنێک جێبەجێدەکرێت، گشت هێڵکارییەک کە دەیکێشین، لە سێوێکەوە بیگرە تا کەشتییەکی ئاسمانی، پێویستە شوێن یاساکانی پێرسپێکتڤ بکەوین بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕاستەقینەمان دەستکەوێت.
**پێرسپێکتڤ وەک هێڵدارێکی نادیار کاردەکات، یارمەتیدەرە بۆ جێگیرکردنی تەنێک لە پێکهاتەیەکی بۆشایدا، ڕێگایەکە بۆ پێناسەکردنی بۆشایەکی سێ ڕەهەندی و لەسەر ڕوتەختێکی دوو ڕەهەندیدا**


هیچ ترسێکی ناوێ بۆ ئەوەی دەستبکەیت بە کێشانی هێڵکاری پێرسپێکتڤ، پێویستیت بە زانیاری بیرکاری و ڕاستەهێڵ ناکات تەنها بە جێبەجێکردنی چەند یاسایەک، دەتوانی بیرۆکەکانت لە ڕێی هێڵکاری پێرسپێکتڤ دەرببڕیت، بادەستپێبکەین!




پێرسپێکتڤی یەک خاڵی



پێرسپێکتڤی دوو خاڵی




پێرسپێکتڤی سێ خاڵی



پێرسپێکتڤی فرە خاڵی

# بیرۆکەی پێرسپێکتڤ

با سەیرێکی هێڵکارییەکەی دەستە چەپی پەڕەکە بکەین، هێڵکارییەکی پێرسپێکتڤی سادەی یەک خاڵیە، پێکهاتە سەرەکییەکانی نیشاندەدات، دواتر کە باسی لێوە دەکەین. سەیری ڕونکردنەوەکانی بۆکسی تێبینییەکان بکە بۆ تەواو تێگەیشتن لە تۆخمە سەرەکییەکانی پێرسپێکتڤ.




## تێبینی

پێکهاتە سەرەکییەکانی وێنەکێشانی هەر پێرسپێکتڤێک بریتین لە تەختەی وێنە، هێڵی ئاسۆیی، خاڵی بزربوون، و هێڵی زەمینی.

**ڕووتەختی وێنە** ڕووتەختێکی خەیاڵی ڕۆشنە، کە بۆشاییە سێ ڕەهەندییەکەی لەسەر دەرکەوتووە


**هێڵی ئاسۆیی** هێڵێکی ئاسۆیی خەیاڵییە، کە ئاستی چاو دیاری دەکات


**خاڵی وونبوون** خاڵێکە لەسەر هێڵی ئاسۆیی کە هێڵە هاوتەریبەکان کە تیایدا یەکدەگرنەوە

**هێڵی زەوی** هاوتەریبە لەگەڵ ڕوتەختی وێنە و زەوی

# زیاتر دەربارەی پێرسپێکتڤ

لە وێنەکانی ئەم پەڕەیە، زیاتر ئاشنا دەبیت بە پێرسپێکتڤ لەڕێگای بەراوردکرنی دیمەنی سەرووی تەن لەگەڵ دیمەنی پێرسپێکتڤی هەمان تەن، تێبینی شوێنی چاودێربکە لە دیمەنی سەروو و چۆن وەرگێڕدراوە بۆ دیمەنی پێرسپێکتڤ





# دیمەن لە پێرسپێکتڤ

کاتی ڕونکردنەوەیەکی خێرایە، بۆکسێک بێنە هەر تەنێکی شێوە چوارگۆشەیی، لەسەر مێزێک لە پێش چاوتی دابنێ، لەبەر ئەوەی بۆکسەکە لە ژێر هێڵی ئاسۆیی چاوت دەبێت دەتوانی ڕووکاری سەرەوەی بۆکسەکە ببینیت، ئەگەر تەنەکە بەرزبکەیتەوە لە ئاستی چاوت دەتوانی ڕووکاری ژێرەوەی تەنەکە ببینیت، دەزانین ئەوە زانستی کەشتی ئاسمانیی نییە بەس ئەوە یارمەتیت دەدات لە تێگەیشتنی گرینگی شوێنی هێڵی ئاسۆیی لە پەیوەندی تەنە نیشاندراوەکەت لە پێرسپێکتڤدا. سەیری شوێنە جیاوازەکانی هێڵی ئاسۆی بکە، لە بەشی چەپی ئەم پەڕاوە


سەیری پەڕی ڕاهێنانی 02.1 لەگەڵ 02.2 لە دوو پەڕی داهاتوو، کە یارمەتیت دەدەن لە کاتێک ڕاهێنان دەکەیت لەسەر کێشانی هێڵکاری پێرسپێکتڤ




✕ هێڵە ئاسۆییەکان بە تەنەکان تێپە ڕدەبێت. نابێت ڕووکاری سەرەوەی تەنەکان ببینین




✓ هێڵە ئاسۆیەکە لەسەرەوەی تەنەکانە، دەتوانین ڕووکاری سەرەوەی تەنەکە ببینین



✓ هێڵە ئاسۆیەکە بەناو تەنەکە تێپەڕدەبێت، ناتوانین ڕووکاری سەرەوە و خوارەوەی تەنەکان ببینین




✓ هێڵە ئاسۆیەکە ڕاستەدکرێت لە گەڵ هێڵی زەوەی ناتوانین ڕووکاری سەرەوە و خوارەوەی تەنەکان ببینین



✓ هێڵە ئاسۆیەکە لە ژێر تەنەکانە، دەتوانین ڕووکاری ژێرەوەی تەنەکان ببینین


چاپم بکە!

## پەڕی ڕاهێنان 02.1



چاپم بکە!

## پەڕی ڕاهێنان 02.2




## ڕاهێنان

ڕاهێنانەکەت بۆ کارپێکردنی پێرسپێکتڤ **چۆن بە دەست**
**وێنەی پێرسپێکتڤی (یەک خاڵ یان دوو خاڵی)**
**هێڵکاریدەکەیت، وێنەی پێرسپێکتڤی بەلایەنی کەمەوە**
**سێ بژاردە دەخاتە بەردەستت**

سەرەتا من پێشنیاری دانانی بۆکسی خەیاڵی دەکەم لەسەر پەڕەکە و پێکهاتەیەکی جوان و هاوسەنگ درووست بکەیت. لە هەنگاوی داهاتوو وردەکاری زیاتر بخە سەر بۆکسەکە، یاریبکە بە دەرهێنان و خستنەسەر تەنەکە، یاخود لە یەکتربڕینیان لە قەبارەکاندا.

سەرنجی ئەم ڕاهێنانە تێگەیشتنی تەواوە لە یاساکانی پێرسپێکتڤ، پێکهاتە و وێناکردنی تۆ لەکاتی هێڵکاریدا

سەرنجەکە لەسەر قەبارە و ڕاستەقینەیی وێنەکە نییە، بۆیە تۆ سەربەستی لە تاقیکردنەوە، دوو جارەک تاقیبکەوە بۆ دۆزینەوەی باشترین هاوسەنگی لە وێنەکەت، دووبارەیبکەوە، تۆ هاندەدرێیت بۆ وەرگرتنی بیرۆکە لە فیلم، بڵاوکراوەیەک، یان هەر شتێک کە دەیدۆزیتەوە پەیوەندی پێوە هەبێت.
کاتێکی خۆش!




وێنەی پێرسپێکتڤی یەک خاڵییە، نمایندەی تەلارسازییەکی نموونەیی دەکات.

### تێبینی


به وێنەکردنی بچووک و خێرا دەستپێبکە، بۆ تاقیکردنەوەی بیرۆکە جیاوازەکان بۆ وێنەکردنی پێکهاتەیەک

دوای یاساکانی هەر پێکهاتەیەک بکەوە بە ویستی خۆت( یاسای زێڕین، یاسای سیانەیی، هتد..) بۆ ڕێنماپکردنی تۆ لەکاتی هێڵکاری تەنەکان لە پێرسپێکتڤدا


هەمیشە بە کێشانی وێناکراوی بۆکسەکان دەسپێبکە، وردەکاری و پێدانی قورسایی بۆ دووای هەڵبگرە.



وێنەی بچووک بکێشە وەک نموونەی پێشنیارکراوی پێکهاتەکە



وێنەی پێنوسی- تاقیکردنەوەی ڕێژەیی و وردەکاری قەبارەکان



بە خاوێنی بە پێنوس وێنەبکە لەسەرقەبارەی وێنەیەکی ڕووت

# کۆکراوە

لێرەدا بەرچاوترین تێبینییەکان و ڕێگا کورتکراوەکان بۆ هێڵکاریکردنی پێرسپێکتڤ، ئەم ڕینماییە پێویستە و وەک ڕێنیشاندەرێک سودی دەبێت، بەڵام هەست بە سەربەستی بکە بۆ بەکارهێنانیان، کامەی گونجاوە بۆتۆ ئەوەی تریان بەجێ بێڵە بەبێ هیچ دوودڵییەک.

## # 01

دەستپێبکە بە کێشانی وێنەی بچووک بۆ تاقیکردنەوەی بیرۆکەکانت و پێکهاتەکان.

## # 02

هەمیشە یەکەم جار بۆکسێکی وێناکراو بکێشە و دوای وێنەی تەنی ناو بۆکسەکە بکێشە.

## # 03

بنەماکانی دیزاین بەکاربێنە وەک دووبارەبوونەوە، هاوسەنگی، جیاوازی

## # 04

جوڵە دروستبکە لەناو هێڵکاریەکەت، بە کێشانی هێڵی لاری درێژ.

## # 05

بەدوای یاسای پێکهاتەیی بکەوە وەک یاسای زێڕین، یاسای سێینە یان ئەوانی تر.

## # 06

یاریبکە بە قەبارەکان بە لێدەرهێنان، خستنەسەر، یان تێکهەڵکێشکردنیان


# سێبەر، ڕووچن و مەترِیاڵ

ئێستا دڵنیاین لە تەنی دوو ڕەهەندی و هێڵکاری پێرسپێکتڤ، ئێستا ئامادەی هەنگاوی دواترین، بۆ باشترکردنی هێڵکارییەکانمان پێویستمان بە وردەکاری زیاترە، بەتایبەتی کارکردن لەسەر ڕوناکی و سێبەر، وە ئاماژەکردن بە مەترِیال لە ڕێگەی ڕووچنی جیاوازەوە،


لەم بەشە دەستپێدەکەین بە ناساندنی سێبەر و شەید، هێڵکاریکردنی بارودۆخە جیاوازەکانی ڕووناکی پێدان بە پێرسپێکتڤەکانمان و بۆ زیاتر گونجاندن و دروستکردنی قوڵایی لە وێنەکان.

دواتر فێری چۆنیەتی نیشاندانی مەترِیاڵ دەبیت لە هێڵکارییەکت، وەک کەرپوچ، تەختە ، کۆنکریت، بەرد، شوشە

بۆ دروستکردنی ڕووچنی دیاریکراو، سود لە سەرچاوەی ڕاستی ژیان دەبینین، سادەیان دەکەینەوە بۆ ڕووچن، بەشێوەیەکی سادەتر دەیانکەین بە ڕووچن، بەچەند تەکنیکێکی جیاوازی ڕێندەرکردن دەیانکێشین
دەی با دەستپێبکەین!



سێبەر و شەید



تەکنیکی ڕێندەرکردن

# شەید و سێبەر

بۆ ئەوەی هێڵکارییەکی پێرسپێکتڤی باوەڕپێکراو دروستبکەین بە قەبارەیەکی ڕێک پێویستە سێبەری دروست بدەین بە پێکهاتەی بۆشاییەکەمان

سەرەتا، سەرچاوەی ڕونکای دیاریدەکەین( ڕۆژ، گڵۆپ هتد). لە هێڵکاری تەلارسازی شوێنی سەرچاوەی ڕووناکییەکەمان بەجۆرێک دیاریدەکەین، کەوا هێڵکارییەکەمان بەشێوەیەکی ڕێکتر خۆی نیشان بدات.

ڕوونی سەر ڕووی تەنەکەمان کارلێکراوە بە سەرچاوەی ڕوناکی، ئەوانەی ڕاستەوخۆ کەوتۆتە بەری ڕووناکترە لەو ڕووانەی کەوتوونەتە پەنا کە تاریکترن.

زیاتر بڕۆین دوو جۆری سێبەر هەیە،
**سێبەردانەوە(سێبەر) وە سێبەری سەر شێوگ(شەید)**


**سێبەر** دانەوەی ڕووتەختێکی تاریکە بەهۆی ڕێگریکردن لە سارچاوەی ڕووناکی بەهۆی تەنێکەوە.
**شەید** لایە تاریکەکەی تەنێکە کە ڕووی لە سارچاوەی ڕووناکی نییە

پەرەی ڕاهێنانی 03.1 بەکاربێنە، بۆ کارپێکردنی سێبەر و شەید

**یاسایەکی گرینگی هێڵکاری بریتیە سێبەر هەمیشە تۆخترە لە شەید**


## تێبینی

لەم هێڵكارییە ڕوونكردنەوەییەدا ، ڕۆژ ڕوناكیەكی قووچەكی بەرهەم دەهێنێت. لە نموونە تردا لە بەكارهێنانی تیشكی ڕۆژ، ڕەنگە تیشكی ڕۆژ بە تەریب ڕەچاو بكرێت لەبەر دووریی زۆری ڕۆژ
(پەری ڕاهێنانی 03.1)



چاپم بکە!

# پەڕی ڕاهێنان 03.1




ئەم پەڕی ڕاهێنانە کارپێکردنێکی
دروستی سێبەرە، بە خستنەسەری
شەید و سێبەر بۆ سەر پێکهاتەکە

بۆ ئەنجامدانی ئەمە، پەیڕەوی
**ئاراستەی ڕاستقینەی هەڵبژێردراوی**
**تیشکی ڕۆژ** بکە( ئەو هێڵە لارەی کە لە
نیشانەی ڕۆژەکەوە سەرچاوەی گرتووە
کە دەکەوێتە گۆشەیەکی تەنەکە) و
**ئاراستەکەی لە نەخشەکەدا** ( تیرە
ئاسۆیەکە هێما دەکرێت بە پیتی P)

لەم بارەدا تیشکی ڕۆژەکان
هاوتەریبن(ئارساتە ڕاستەقینەکەی
ڕووناکی ڕۆژ) هەموویان هەمان
ئاراستەیان هەیە لە تەواوی پێکهاتەکە

بۆ دڵنیابوونەوە سەیری یەکەم پەڕی
ئەم بەشە بکە بۆ بینینی سێبەری
دروستی ئەم پەڕی ڕاهێنانە

# تەکنیکی ڕێندەرکردن


شارەزا بوون لە تەکنیکی ڕێندەرکردن زۆر گرنگە بۆ بەردەستەکردنی ئاستێکی بەرزی هێڵکاری، کاریگەری ئەم تەکنیکانە پەیوەستە بە ڕێندەر و پەڕی هەڵبژێردراو و ڕووچن،

لەنمونەکانی لای چەپی ئەم پەڕە، دەتوانین جیاوازی ببینیت لەنێوان نووک 01 وە پێنوسی گرافیکی 2b

هێڵی پێنوسی مەرەکەب ڕێکترن لە پێنوسی دار، بەڵام بە پێنوسی مەرەکەب ناتوانیت بەدڵی خۆت جوولەی داینامیکی پێبنەخشێنی، وە هیچ جیاوازییەک لەئەستووری هێڵەکان و یان بەهاکانی تۆندا نییە

پێنوسی دار نەرمترە لە پێنوسی مەرەکەب هونەرمەندان دەتوانن هێڵی جیاواز دروستبکەن بەپێی ئاستی ئەو پەستانەی کە دەیخەنە سەری،لەبەر ئەوە بەبۆچوونی من هەوڵ و ئەزموونی زیاتری دەوێت بۆ ئەوەی بەڕاستی شارەزابیت لە تەکنیکی وەنەکێشانی پێنوسی دار.

بە ڕاهێنانی زیاتر تێدەگەیت لە جیاوازییەکانی بەکارهێنانی ڕێندەر و پەڕەکە پێکەوە لەگەڵ تەکنیکی دروست بۆ ئەوەی هێڵکارییەکی کاریگەرمان دەستکەوێت.




# ڕووچن و مەتریاڵی

ئێستا ئەم تەکنیکانەی ڕێندەر بەکاردێنین کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، بۆ دروستکردنی ڕووچنی پێشنیارکراو کە گوزارشت لە مەتریاڵی تەنەکانمان دەکات

لەم نموونانە زۆرترین مەتریاڵە بەرچاوەکان دەبینیت، کە لە هێڵکارییە تەلارسازییەکانمان بەکاری دەینین


هەندێک لە ڕووچنەکان وەک بەرد، تەختە، لەوانەیە بۆ توخمی جیاواز بەکاربێن لە بۆشایی وەک دیوار، زەوی، ڕێگا، بیم، هتد، وەک ئەوەی گوترا، پێویستە هەمیشە هەوڵبدەین ڕووچنەکان ڕێکبێخین  بە پێی شوێن و بەکارهێنانی، بە مانایەکی تر نەخشاندنی پێرسپێکتڤێکی دروست و ئاستی وردەکاریەکی دروست.

بەرد




ڕێگای بەرد    بەردی سەر ڕێگا    دیواری بەردین

تەختە




ڕووچنی دار (ئەرزیە)    سێکشنی دار    تەختەی دار (ڕووکار)

کەرپووچ& کۆنکریت



ڕووچنی کۆنکریت    دیواری کەرچووچی    ڕووچنی کەرچووچی (وردەکاری)

جام



ئاوێنەدانەوەی پەنجەرە

چاپم بکە!

# پەڕی ڕاهێنان 03.2

## نۆرەی تۆیە!

سێکشنی دار



سێکشنی دار

ڕووچنی کەرپووچ



ڕووچنی کەرپووچ


دیواری کەرپووچ



دیواری کەرپووچ

## نۆرەی تۆیە!

هاچکردن(هێڵە بەردەوامەکان)




هاچکردن(هێڵە بەردەوامەکان)

هاچکردنی یەکتربڕ(هێڵە جیاکراوەکان)



هاچکردنی یەکتربڕ(هێڵە جیاکراوەکان)


خاڵ خاڵ



خاڵ خاڵ


## نۆرەی تۆیە!

هاچکردن(هێڵە جیاکراوەکان)




هاچکردن(هێڵە جیاکراوەکان)

هاچکردنی یەکتربڕ(هێڵە جیاکراوەکان)




هاچکردنی یەکتربڕ(هێڵە جیاکراوەکان)

نەخش



نەخش

# ڕاهێنان



لەم کاتەوە، ڕاهێنانەکە خۆشتر دەبێت، بۆ کارپێکردنی هەمەجۆری تەکنیک لە ڕووچندا، پێشنیارکردنی مەتریاڵ لە هێڵکارییەکەتدا، پێکهاتەیەکی پێرسپێکتڤیم ئامادەکردووە بە بێ هیچ ڕووچنێک، **ئەرکەکەت ئەمەیە کە هێڵکارییەکەت تەواو بکەیت بە خستنەسەری هەموو وردەکارییەکان.**

هەرچەندە لێرە سەرنجی سەرەکی دانانی ڕووچنە، بەڵام ئازادبە لە زیادکردنی وردەکاری وەک پەنجەرە، هێڵی ئاسن، هەروەها دەتوانی قەبارەی زیاتر دابنێیت، شێوەی پێکهاتەکە بگۆڕیت بەدڵی خۆت، ئازادبە لە تاقیکردنەوەیان.


قورسی هێڵی جیاواز بەکاربێنە، وێنەی شارێک لەدواوەی دەربچوێنە، لق و پۆپی پێکەوە بەستراو، یان ئاسمانێکی سەرنجراکێش دروستبکە، هەوڵبدە وردەکاری جیاواز بەکاربێنیت لەسەر پێکهاتە بنچینەیەکە.

**پەڕی ڕاهێنانی 03.3 بەکاربێنە لە پەڕەی داهاتوو، یان پێکهاتەیەکی پێرسپێکتڤی خۆت دروستبکە، هەموو ئەوئەزموونانەی تاکو ئێستا وەرتگرتووە بەکاربێنە بۆ تەواوکردنی وێنەکەت،**

**هێڵکارییەکی چێژبەخش!**

چاپم بکە!

## پەڕی ڕاهێنان 03.3



# کۆکراوە

لەو بڕوایەم تاکو ئێستا فێربویت کە ڕوچن و سێبەر کاریگەرییەکی چەندە گەورەیان لەسەر ئەنجامی کۆتایی هەیە ڕەنگە وەڕسکەربێت هەندێ جار بەڵام کارەکە دەیهێنێت!

# 01

سێبەر-سێبەر هەمیشە تاریکترە لە شەید

# 02

ڕووچن وەک ئاسانکاری گرافیکی کار دەکات بۆ پێشنیارکردنی مەتریاڵەکانی ژیانی ڕاستەقینە

# 03

ڕووچنی دیارکراو بەکاربهێنە، تەنها هەنێک شوێن دیارییبکە

# 04

پێناسەی ئاراستەی ڕووناکی بکە، هەمیشە لە گۆشەیەکی تەنەکەوە دێت،

# 05

فێری جیاوازی نێوان بەکارهێنانی پێنوسی دار لەگەڵ پێنوسی مەرەکەب ببە، لە بەکارهێنانی سێبەر و ڕووچندا

# 06

چاودێری دەوروبەرەکەت بکە بۆ بەدەستهێنانی سێبەر و ڕووناکی دروست

# ئاوەدانکردنی هێڵکاریەکەت

لەم قۆناغەدا بەرەوپێش دەچین بۆ هێڵکاری فیگەری مرۆڤ کە کارامایەکی گرینگە بۆ باشتر تێگەیشتن لە بۆشایی هێڵکارییەکەت، چەن هۆکارێک هەن کە بۆچی بەستنەوەی فیگەری مرۆڤ بە هێڵکاری تەلارسای گرینگە،

بەگشتی قسەبکەین، تەلارسازی بریتییە لە دروستکردنی بۆشایی بۆ مرۆڤ، لەم ڕوانگەوە زیادکردنی خەڵک ئاساییە بۆ ناو ئەو بۆشاییانەی کە بۆوان دروستکراوە، بۆ ئەم کارەمان ژینگەیەکی زیندووی پیشان دەدەین و دەرفەتەکی گەورەتر دروستدەکەین بۆ دەربرینی بیرۆکەکانمان، چونکە مرۆڤ توخمی سەرەکی چیرۆکی هێڵکارییەکەن

لەکۆتایدا و لەهەمووشی گرینگتر فیگەری مرۆڤ هەستی پێوەر بۆ هێڵکارییەکەمان زیاد دەکات، بۆیە هەمیشە ئاماژە بە فیگەری مرۆڤ دەکەین کاتێک پێناسەی پێوەری بۆشایی هێڵکارییەکەمان و دەوروبەرەکەی دەکەین

**لەم بەشە، فێری ڕێگایەکی خێرا دەبین کە چۆن فیگەری مرۆڤ دروستدەکەین، لەسەر ڕێژەی دروست، چۆن ئاوێتەیان بکەین بە هێڵکارییە پێرسپێکتڤیەکان، چۆن کارییان لەگەڵ بکەین بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەکی هێڵکاری بە پێوەرێکی دروست.**



ڕێگا خێراکانی هێڵکاریکردنی مرۆڤ

# فیگەری مرۆڤ



کاتێک خێرا وێنەی هێڵکاری فیگەری مرۆڤ
دەکێشین، هێڵی چەماوەی نەرم و جوڵاو
دەکێشین، لایەنی گرینگی ئەم کێشراوانە
ڕێژەیە، بە پاراستنی ئەم ڕێژانە دڵنیا دەبین
لەوەی کە هێڵکارییەکانمان وێنای فیگەری
مرۆڤی دروستدەکەن، بۆ پاڵپشتیکردنی ئەمە
هەروەها پێشنیارکراوە ئەم زەوییەی
فیگەرەکەی لەسەر ڕاوەستاوە بکێشین یاخو ئەو
سێبەرەی کە فیگەرەکە دایتەوە، بۆ ئەوەی
وادەرنەکەوێت مرۆڤەکان بەهەوادا دەفڕن.


ئێمە بەزۆری هەموو ئەو فیگەرانە بەهەمان
ئاستی بەرزی کەمتر یان زیاتر دەکێشین (وەک
نموونەکانی ئەم لاپەڕەیە) بارێکی تر
هێڵکاریکردنی کەسی دانیشتوو یاخود منداڵە کە
دەبێت بەرزییان هەماهەنگ بکرێت.

وەک هەمیشە، ئاستی وردەکارییەکان گرنگە،
هەندێک جار تەنها چامەوەیک یاخود هێمایەک
بەسە، هەندێک جاریش وردەکاردی زیاتر
جلوبەرگ زیاددەکەین وەک جانتایەک لەدەست
یان لە شان،


بیرۆکەیەکی باشە کە بە گروپ کەسەکان بکێشین
نەوەک کەسی تاک و جیا، تێکەڵبوونێک دەردەخا
لەنێوانیان کە بنچینەی چیرۆکی وێنەکەمان
دیاریدەکات

چاپم بکە!


## پەڕی ڕاهێنان 04.1



نۆرەی تۆیە!




نۆرەی تۆیە!



## ڕاهێنان

ڕاهێنانەکەت بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی خەڵک بۆ
هێڵکارییەکت برتییە لە **هێڵکاریکردنی کۆمەڵەیەک**
**لە فیگەری مرۆڤ لە پێرسپێکتڤێکی ئاستی چاودا**

بۆ دەستپێکردن، دەتوانیت پێشنیاری ڕێکخستنێکی
سادەی بۆشایی بکەیت لەئاستی چاو بۆ خستنە
ناوەوەی فیگەرەکانت، لە نموونەی دەستە چەپدا
هێڵکاری کردنی بۆشاییەکم هەڵبژارد کە وێنای
گۆرەپانێکی گشتی بدات بۆ ژمارەک لە خەڵکی
جیاواز کە بەشێوەی سروشتی دابەشکرابێت



کاتێک تەواو دەبیت لە هێڵکاریکردنی بۆشاییەکەت،
١٠ تا ١٥ فیگەری مرۆڤ زیاد بکە لە چینە
جۆراوجۆرەکانی قوڵایی هێڵکارییەکەت، یاسای
یەکەم بۆ زیادکردنی یان پڕکردنەوەی فیگەری
خەڵک بۆ هێڵکاری پێرسپێکتڤی ئاستی چاوت،
ئەوەیە سەری هەموو فیگەرەکان لەیەک هێڵی
ئاسۆدا بهێڵیەوە، وا پێشنیاردەکەین کە
هەموویان لەیەک ئاستی بەرزیدان ( جگە لە منداڵ
و کەسانی دانیشتوو)

وەهەروەها بیر لە پێکهاتەی وێنەکە بکەوە، بۆ
نموونە چۆن بینای سەرەکی بەشێوەیەکی
گرافیکی هاوسەنگکراوە،لەگەڵ نزیکترین فیگەر لە
پێشەوەیدا

**هێڵکاریەکی خۆش!**

# کۆکراوە

وەک هەمیشە، ئەمە کۆکراوەی تێبینی و ڕێگا کورتکراوەکانە بۆ دیاریکردنی فیگەری مرۆڤ، ئەم ئامۆژگاریە دەبێت وەک و ڕێنیشاندەرێک خزمەت بکات، بەڵام ئازادبە لە بەکارهێنانی ئەوەی لەگەڵ تۆدا گونجاوە، وە ئەوانی تر بەبێ نیگەرانی پشتگوێ بخە!

## # 01

هێڵی چەماوەی نەرم و جوڵاو بۆ خێرا هێڵکاریکردنی فیگەری مرۆڤ بەکاربێنە

## # 02

ڕێژەی دروستی نێوان سەر و لاق بپارێزە بۆ ئەوەی شێوەی فیگەرێکی ڕاستەقینە نیشان بدات

## # 03

فیگەری مرۆڤ بەکاربێنە بۆ دیاریکردنی پێوەری قوڵایی لە وێنەکەت

## # 04

بۆ پێشنیارکردنی تێکەڵبوون ژمارەیەک گروپ لە مرۆڤ دروستبکە نەوەک تاک تاک

## # 05

لە پێرسپێکتڤێکی ئاستی چاودا سەری هەموو مرۆڤە وەستاوەکان لەیەک هێڵی ئاسۆدا بکێشە

## # 06


ئەو زەوییە بکێشە کە فیگەرەکت لەسەری وەستاوە یاخود سێبەری پێبدە بۆ ئەوەی وادەرنەکەوێت لە هەواد دەفڕێت

# زیادکردنی سەوزایی

وەک کۆتا هەنگاو پێش ئەوەی هەموو شتەکان کۆبکەینەوە، وەکو توخمێک سەیری سەوزایی دەکەین لە هێڵکاری تەلارسازی.

توخمە سروشتیەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لە هەر دیمەنێکدا. لە ڕێگەی تێکەڵکردنی (زۆربەی جار) بۆکسی تەلارسازی لەگەڵ شێوەی زیاتر ئۆرگانیکی لە سەوزایی دەتوانین وێنەیەکی زۆر سەرنجراکێش بەدەست بهێنین. سەرەڕای ئەوەش، سەوزایی لەوانەیە خزمەتێکی باش بکات بۆ پێناسەکردنی ڕێکبەندییێک بۆ وێنەکەمان، بۆ چوارچێوەبەندی دیمەنی بینەر و دەرخستنی خاڵی ڕاستی وێنەیەک.

کە دەوترێت، سەوزایی توخمێکی زۆر بەهێز و جیهانییە بۆ بەکارهێنانی لە هێڵکاریەکاندا. لەم بەشەدا سەرنج دەخەینە سەر کێشانی درەخت، دەوەن و گیا بە پێوەری جیاواز و لە گۆشەی جیاوازەوە. با بڕۆینە ناوەوە!



هێڵکاری دار و دەوەن


## سەوزایی

وەک لە نمونەکانی ئەم لاپەڕەوە دەیبینیت، کێشانی سەوزایی پێویستی بە هیچ شتێکی نوێ نییە لە ئێمەوە. ئێمە هێشتا هێڵەکان و تەنە دوو ڕەهەندیەکان بەکاردێنین، تەنها بە شێوەیەکی کەمێک جیاوازتر.


لەبەرئەوەی ئێمە بە شێوەیەکی گرافیکی پێشنیاری شتێکی سروشتی و ئۆرگانیک دەکەین، دەبێت ئەم شێوازە لە هێڵ و تەنی دوو ڕەهەندیش ڕەنگ بداتەوە. تایبەتتر، واتا ئێمە هێڵی نووکی تیژ، شێوەی نارێک، بەش کردنێکی نا یەکسانی توخمەکان و بەگشتی شێوازی دەستی ئازادتر لە هێڵکاری بەکاردێنین.

کات تەرخان بکە بۆ خوێندنی نمونەکانی دوو لاپەڕەی داهاتوو و سەرنج بدە کە چۆن تەکنیکەکانی هێڵکاری لە بەشی پێشوو بەکارهاتوون بۆ هێڵە جۆراوجۆرەکانی هێڵکاری سەوزایی، وەک تەکنیکەکانی هاچ و سێبەرکردن، بەکارهێنانی کێشی هێڵ، هتد.


.




نموونەی گیای هێڵکاریکراو




نموونەی دەوەنی هێڵکاریکراو



شێوازی جۆراوجۆری دارەکان لە دیمەنی سەرەوە



کۆمەڵە درەختێک بە پێوەری بچووک (لە دوورەوە) وەک یەک قەبارە هەستی پێ دەکرێت.



نمونەی چەندین هێڵکاری درەخت کە بە سادەیی لە شێوەی دوو ڕەهەندی بنەڕەتیەوە وەرگیراون

لەم پەرەیەدا دەتوانیت چەند نمونەیەک لە دارەکان ببینیت کە جیاوازیان هەیە لە پێوەر و ئاستی ووردەکاریەکانیان.

وەک یاسای پەنجەگەورە، من پێشنیاری کێشانی قەدی درەختێکی گەشەکردوو دەکەم بەلایەنی کەمەوە بە هەمان بەرزی فیگەری مرۆڤێک بێت.


لە حاڵەتی زیادکردنی وردەکاری زیاتر لە درەختەکە ، ئەوە بیرۆکەیەکی باشە بۆ زیادکردنی گیا یان دەوەن لەو ناوچەیەی کە قەدی درەختەکە دەگات بە زەوی، شوێنی درەختەکە باشتر نیشان دەدات.

## تێبینی

تێبینی پێوەر بکە، کە پێناسەکراوە بە بەرزی فیگەری مرۆڤەوە، کاریگەری لەسەر ئاستی وردەکاریەکان دەکات کە لەسەر دارە هێڵکاریکراوەکان جێبەجێ دەکرێت.








نموونەی درەخت بە وردەکاری زیاترەوە

چاپم بکە!

## پەڕی ڕاهێنان 05.1


بە سادەی دەستپێبکە



نۆرەی تۆیە



وردەکاری زیادبکە



نۆرەی تۆیە



چاپم بکە!


## پەڕی ڕاهێنان 05.2



وردەکاری زیاتر



نۆرەی تۆیە



دیمەنی سەرەوە

نۆرەی تۆیە

## ڕاهێنان

ئەم جارە ڕاهێنانێکی خێرا و خۆشە بۆ ڕاهێنانی سەوزایی. **ئەرکی تۆ هێڵکاری دیمەنێکی سادەیە لەگەڵ چەند جۆرێکی سەوزایی، بەلایەنی کەمەوە ٢-٣ درەخت، هەندێک دەوەن و گیا.**


پێویستە بۆ پێناسەکردنی پێوەرەکە بە فیگەرێکی مرۆڤەوە دەست پێ بکەیت و پاشان پێکهاتەیەکی بنچینەیی درەختەکان بکێشیت. لە نمونەکانی لای ڕاستەوە، هەمیشە درەختێکی بچووک و درەختێکی گەورە هەیە، بەڵام تۆ ئازادیت لە هەڵبژاردنی پێکهاتەی خۆت.


لە دوایدا، تۆ هێڵکاریەکە تەواو دەکەیت بە توخمی بچووکتر، وەک مەرکانی بچووک لەگەڵ گوڵ، دەوەن و گیا.

وەک دەستکارییەکی کۆتایی، پێشنیار دەکەم کە پێکهاتەی هێڵکارییەکە جێگیر بکەیت - لەم بارودۆخەدا، دیوارێکی خشتی سادە لە باکگراوندەکە باش دەبێت.

لەبیرت نەچێت کە زانیاریت لە بەشەکانی پێشوو بەکار بهێنیت و بەم شێوەیە لە کێشی هێڵ کەڵک وەرگریت بۆ زیادکردنی جەخت و جیاوازی بۆ هێڵکاریەکەت، یان بەکارهێنانی تەکنیکەکانی سێبەرکردن بۆ پێشنیارکردنی قەبارەی ڕووەکەکە.

بەختێکی باش!







# کۆکراوە

ئەمە کۆکراوەی تێبینیە سەرەکیەکانن بۆ هێڵکاریکردنی سەوزایی. ئەم ئامۆژگاریە پێویستە وەک ڕێنمایی خزمەت بکات، بەڵام ئازاد بە بۆ بەکارهێنانی ئەو شتەی کە باشتر گونجاوە بۆ تۆ و ئەوانی تر بە بێ هیچ نیگەرانییەک پشتگوێبخە،

## # 01

ئەم درەختانەی کە لە دووریدان سادە بکێشە و وردەکاری زیاتر بۆ ئەو درەختانەی لە پێشەوەن جێبەجێ بکە

## # 02

ئاستی ئەو وردەکاریەی کە لەسەر سەوزایی کاری پێکراوە پەیوەستە بە پێوەرەکەی (دووری لە بینەر).

## # 03

بۆ سەوزایی، ئێمە هێڵی نووک تیژ، شێوەی نا ڕێک و بە گشتی شێوازی دەستی ئازاد لە هێڵکاری بەکاردێنین.

## # 04


سەوزایی خزمەتێکی باشی پێناسەی ڕێکبەندی، چوارچێوەی دیمەنێک، یان ئاشکراکردنی خاڵی فۆکالی وێنە دەکات

## # 05

لە ئەگەری وردەکاری زیاتری درەخت، گیا یان دەوەن زیاد بکە لەو ناوچەیەی کە قەدی درەختەکە بە زەوی دەگات.

## # 06

قەدی درەخت بەلایەنی کەمەوە بە هەمان بەرزی فیگەرێکی مرۆڤ بکێشە.









# هێڵکاری پێرسپێکتڤی سەرنجڕاکێش

لەم بەشەی کۆتایی، ڕێگایەک دەدۆزینەوە بۆ بەیەکگەیاندنی گشت توخمەکانی پێشوو لەیەک هێڵکاری پێرسپێکتڤی سەرنجڕاکێش، سەرنجەکە لەسەر تێکەڵکردنی توخمەکان دەبێت بۆ بەدەستهێنانی کاریگەری خوازراو و هەستکردن بە باری کەش وهەوایەکەی.

لەم ڕاهێنانەی کۆتایدا ئامانجی ئێمە فێربوونی وەرگێرانی ئەم کاریگەرییانەیە بۆ هێڵکاری، لە ڕێگەی کارکردن لەگەڵ پێکهاتەکان، قەبارە، ڕوتەختی قوڵایی، هەروەها خاڵی دیار.

یەکێک لەو لایەن و جیاوازییە گرنگانە ئەوەیە کە ئایا ئێمە لە خەیاڵەوە یان بە سەیرکردنی سەرچاوەیەکی بەردەست هێڵکاری بکەین، لێرەدا تۆ هەلێکت دەبێت بۆ خوێندنی نموونەی جیاواز لە هێڵکاری تەواوکراو، باسکردنی تەکنیکەکانی ڕوونکردنەوەی ڕێڕەوی کارەکە لە پشت وێنەکەدا.

لە لاپەڕەکانی داهاتوو، دەتوانیت خاڵەکانی پەیڕەو بکەیت بۆ هەر وێنەکێشانێک بە هەڵبژاردنی تەکنیک و ڕێگاکان، کاتێکی بەچێژ لەگەڵ وێنەکێشانەکەت!

# ڕاهێنان

**کۆتا کارت ئەمەیە بەلایەنی کەم یەک هێڵکاری پێرسپێکتف بکێشیت و هەموو لێزانین و توانات تاکو ئێستا بەدەستت هێناوە بەکاربێنە**، جۆری پێرسپێکتڤەکە بە دڵی خۆتە، هەروەها دەتوانی سەرچاوەی سروشەکەت بە شێوەی بینین یاخود بەشێوەی خەیاڵت هێڵکارییەکەت بکێشیت،


بیرۆکەی باش ئەوەیە باڵەخانەی خوازراوت هەڵبژێریت یاخود کاری تەلارسازێکی خوازراوت بکێشیت،


پێویست ناکا تەواوی باڵەخانەکە بێت، دەکرێت بەشێکی بچوک یاخود وردەکارییەکی سەرنجڕاکێشی باڵەخانەکە بێت،


هەر کاتێک بڕیاری بابەتەکەت دا وا پێشنیاری من بۆ تۆ ڕوانینێکی خاوێنت هەبێت بۆ کۆتا وێنەی کارەکەت کە چۆن دەردەچێت، ئەوە دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارانەت بدا کە چیت دەتەوێت چی پیشان بدەیت لەم وێنەیە؟ گرینگترین خاڵی ئەم باڵەخانەیە چییە؟ لەکوێ کەسی تەماشاکەر سەیری باڵەخانەکە دەکات؟ وێنەکە چ چیرۆکێک بگێڕێتەوە؟


هەندێک بیری لێبکەوە، بەڵام ئەوەی کە گرینگە هێڵکارییەکە بکەیت، ڕێگە بەخۆت بدە کە ئەم ئەزموونە بکەیت، چەندین بیرۆکە هێڵکاری بکە، شێوازی تایبەتی خۆت بدۆزەوە، بەنرخترین خاڵی هێڵکارییەکەت بوونی مۆرکێکی تایبەت بەخۆتە، ئازادبە لە پێداچونەوە بە بەشەکانی ڕابردوو، گەر پێویستت پێبوو،

کاتێکی بەچێژ لەگەڵ وێنەکێشانەکەت!













کاتێ چاند خاڵێکی وێنەکێشان بەدروستی جێبەجێدەکەیت لەوانەیە بەم شێوەیە بێت
بیرۆکەی نوێ بەشێوەی هێڵکاری بچوک بچوک تاقیبەکەوە، هەڵبژاردنی پێکهاتەی دروست و ڕێک ڕێکخستنی پێوانەی هێڵکارییەکە لە ڕێگەی دانانی فیگەری مرۆڤ، نەخشاندنی سەرنجڕاکێشترینی ناوچەی نەخشاندنی دەوروپشت، فیگەری زیاتر، سەوزایی و وردەکاری زیاتر دابنێ، هاچ، سێبەر و ڕەنگ











**هێڵکاری پێرسپێکتڤی کۆمەڵە خاڵ**
**لە وێنەی گیراو وەرگیراوە**
**هۆتێلی خانووی دار لەلایەن بینگۆ ستۆدیۆوە**

لەم وێنەیە، جوڵەیەکی سەرنجڕاکێش هەیە، لەنێوان دوو توخمە سەرەکییەکان- هەیکەلە تەلارسازییە لەسەر یەکدانراوەکە لەگەڵ سرۆشتی دەوروبەری. وردەکارییەکی زیاتر بەکارهێنراوە لە چەقی وێنەکە لەبەر ئەممەشە سەرنجێکی زیاتر ڕادەکێشێت، سەرنجەکە لەسەر خودی هۆتێلەکەیە، ڕۆڵی لە نێو سروشت و پەیوەندی بە نزیکترین سەوازییەوە،

## تێبینی

کاری وردەکارییەکەت لەو شوێنە بەکاربێنە کە گرینگترینە بۆ وێنەکە،


**پێرسپێکتڤی یەک خاڵی،**
**سروشی هێڵکارییەکە لە کاری ڕوزایمی مات ڕانی وەرگیراوە**

ئەم هێڵکارییە پێرسپێکتڤیە وەکو ڕاهێنانەکی چڕوپڕی هێڵکاری قەراغ شار یان لادێی کاردەکات چەندین هەلی گرنگت پێدەبەخشێت بۆ ڕاهێنانکردنی ڕوچن و سێبەرکردن و هێڵکاری سەوزایی، بەڵام قورسترین کار هاوسەنگی پێوانەی هێڵکارییەکە ڕابگرّی بەرامبەر بە فیگەری مرۆڤ.



## تێبینی

کاتێکی باش تەرخانبکە بۆ ئەنجامگەیاندنی کوالێتییەکی بەرزی ڕوچنین و سێبەر




**پێرسپێکتڤی دوو خاڵی(ستونی) وێناکردن،**

ئەم وێنەیە شێوەیەکی ناسروشتی دووخاڵییە. خاڵی بزربوونی یەکەم لە هێڵی ئاسۆیی نزمە، خاڵی بزربوونی دووەم لە ئاستێکی بەرزی ئاسۆیی کە هێڵە ستونییەکان بەیەک دەگەنەوە نیشان کراوە، ئەو ڕێکخستنە دەرخستنێکی بەهێز دەداتە باڵەخانەی ستوونی و پاڵپشتی جێۆمەتری تەلاری بەرز دەکات.

## تێبینی

بیربکەوە، چۆن دەتوانی ستایشی جیۆمێتری باڵەخانیەک بکەیت، لە پێکهاتەکەی خۆت تاقیبکەوە




**پێرسپێکتڤی دوو خاڵی**
**وێناکردن**

ئەم وێنەیە ڕاهێنانێکی زۆر باشبوو بۆ پێرسپێکتڤ و پێکهاتە، بۆ دەرخستنی هەستی قوڵایی، کارم دەکرد لەگەڵ سێ ڕووتەختیی قوڵایی، ڕووتەختی بەردەم، ڕوتەختی ناوەڕاست و ڕوتەختی دواوە، لە کۆتایدا جەختم لەسەر خاڵە سەرنجراکێشەکە کردەوە بە بەکارهێنانی رەنگ.
ئەم جارەیان کەمێک زیاتر داهێنەرانەتر بووم لەگەڵ ئاسمان، کە پاڵپشتی لە جوڵەی باڵەخانەکە و زەوی دەکات.

## تێبینی

داهێنەرانە بە لەگەڵ بیرۆکەی گرافیکی بۆ ئاسمان



**پێرسپێکتڤی دوو خاڵی**
**وێناکردنی نوسەر**

تەنهایی، بێدەنگ، ئارام – ئەم سێ هەستەم هەبوو کاتێک ئەم هێڵکارییەم کرد، لە جێگای شارێکی جەنجاڵ، خانوێکی هاوینی سادە، لە ژینگەیەکی سروشتی، ئارامی بە مێشک دەبەخشێت، گشت توخمە سروشتییەکان زۆر گرنگن بۆ کەشی خوازراو،
هاوپێچ  وێنەدانەوەی ئاوەکە، وەکو کۆتا مۆرک، مارکەرێکی ڕەنگم بەکارهێنا بۆ دەرخستنی سێبەر لە وێنەکە،

## تێبینی

هەوڵبدە توخمی ئاو
بەکاربێنیت لە پێکهاتەکەت

## تێبینی

سەرنج بخە سەر
وردەکاری بچووک و
ڕاهێنانکردن لەسەر
چاودێری




**تێڕوانینی فرە خاڵی**
**سەرچاوەی وێنەکە**
**وردەکاریەک لە شاری کۆپنهاگن**

لەبەر ئەوەی حەز بە پیاسەی شەقامی شارەکۆنەکان و سەیرکردنی تەلارەکانیان دەکەم، چەند وێنەیەکم لە کۆپنهاگن گرت بۆ ئەوەی هێڵکاریان بکەم، ئەم هێڵکاریە وێنای نیوەی خوارەوەی شەناشیلی بینایەکی 5 نهۆمی لە ئۆستێربرۆ دەکات.

هەروەک قەبارەی هێڵکاریەکە گەورەیە، پێویستی بە ئاستێکی بەرزی وردەکاری هەیە. ئەوە گۆڕانێکی زۆر ئالنگارە بەراورد بە هێڵکاری دەرەوەی ئاسایی. لەگەڵ ئەوەشدا من هانتان دەدەم کە گرنگی بەو وردەکارییە بچووکانە بدەن لەسەر باڵەخانەکان، لەسەر شەقامەکان یان لە شوێنی گشتیدا. زۆر جار پێویستە بە تەواوی لەو بنەمایە تێبگەیت کە لە پشت وردەکاریەکان تایبەتمەندی چین چینی هەیە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێک و پێک هێڵکاریەکە بکەیت.

ئەمە ڕاهێنانێکی زۆر باش بوو لە توانای چاودێری و کاری وردەکاری، هەروەها ڕەنگدانەوەی پەنجەرە و تەکنیکی سێبەر لەسەر باڵەخانەکاندا.




داهێنەرانە بیربکەرەوە لەسەر نەخشاندانی چوارچێوەی وێنەکەت

## تێبینی

به داهێنەرانە بیر لە چوارچێوەی وێنەکەت بکە!

## تێڕوانینی یەک خاڵ
## لەسەر بنەمای بیرۆکەی وێنەی گیراو

بیرۆکەی پشت ئەم وێنەیە ئەوە بوو کە پاڤیلیۆنێکی هێڵی لە نێو سروشدا پیشانبدات، ئەندازەی پاڤیلیۆنەکە ڕێگە بە لاری بەهێز دەدات کە جوڵە و قوڵایی لە هێڵکاری دروست دەکات. بۆ بەرزکردنەوەی پێکهاتەی سروشتی، زەمینەی پێشەوە بە دارێک و چەند دەوەنێک نەخشکراوە، چوارچێوەی وێنەکەی پێکهێناوە.



### تێڕوانینی دوو خاڵ
### ئیلهامی هێڵکارییەکە
### لە کارێکی جەهانگیر گاڤامی وەرگیراوە

دیالێکتی ڕەنگ! ئەمە تایبەتمەندیەکی زۆر بەهێزە، کە دەتوانێت سەرنجی زۆر ڕاکێشێت. پالێتی ڕەنگ لێرە پێکهاتووە لە ڕەنگەکانی لێکچوو (هاوئاهەنگ) کە لەسەر ئاسمان و خاک لە پێشەوە و بەشەکانی بیناکە جەختدەکاتەوە. هەرچۆنێک بێت، لای من سەوزایی لێرە سەرنج ڕاکێشترین بەشی وێنەکەیە، چونکە بە شێوەیەکی زۆر ئۆرگانیک چوارچێوەی وێنەکە دەکات. لەسەرووی ئەوەوە، رووچنی جۆراوجۆر، بەکارهێنانی توخمی ئاو و تۆنی هێڵی جیاواز، ئەم هێڵکاریە خێرایە زۆر سەرنجڕاکێش دەکات.

**تێبینی**

دیالێکتی ڕەنگ بەکاربێنە بۆ دەرخستنی شوێن یان شێوەیەکی دیاریکراو لە هێڵکارییەکەت

# کۆکراوە

لە ئێستادا هەنگاوەکان دەزانیت، ئەمانەش کۆتا تێبینی و ڕێگا کورتکراوەکانن بۆ گەیشتن بە هێڵکاری پێرسپێکتڤی جوان، بەئاسانی وەرگرە، سازیان بکە یان خۆت ڕێنماکاری خۆتبە.

# 01
سەرنجی وردەکاریەکەت بخە سەر ئەو بەشەی گرنگترینە لە هێڵکاریەکەت

# 02
کاتێ لە دروستکردنی ڕووچن و سێبەری کوالێتی بەرز تەرخانبکە

# 03
بیر لە چۆنیەتی ستایشکردنی ئەندازەیی باڵەخانەیەک بکەرەوە لە پێکهاتەی هێڵکارییەکەت

# 04
داهێنەر بە سەبارەت بە بیرۆکەی گرافیکی ئاسمان!


# 05
هەوڵدە توخمی ئاو لە پێکهاتەکەت دابنێیت!

# 06
سەرنج بخە سەر وردەکاری بچووک و ڕاهێنانکردن لەسەر چاودێری

# 07
داهێنەرانە بیربکەرەوە لەسەر نەخشاندنی چوارچێوەی وێنەکەت

# 08
دیالێکتی ڕەنگ بەکاربێنە بۆ دەرخستنی شوێن یان شێوەیەکی دیاریکراو لە هێڵکارییەکەت

# ڕوونکردنەوە




## ڕێژەی زێڕین

ئەو ڕێژەیەی پێی دەوترێت ڕێژەی زێڕین، ڕێژەی خودایی و (φ = phi)، زۆر جار پێی دەوترێت جوانترین ژمارە لە گەردووندا .هۆکاری φزۆر نائاساییە چونکە دەکرێت لە هەموو شوێنێک وێنا بکرێت، لە ئەندازەییەوە دەست پێدەکات بۆ جەستەی مرۆڤ خۆی !پێی دەوترێت کە باشترین ڕێژەیە بۆ چاوەکانی مرۆڤ.

"ڕێژەی زێڕین " هاوکێشەیەکی بیرکاری تەواو جیاوازە .دوو ژمارە لە ڕێژەی زێڕیندان ئەگەر ڕێژەی کۆی ژمارەکانی (a b) دابەشکرابێت بە ژمارەی گەورەتری (a)یەکسانە بە ڕێژەی ژمارە گەورەترەکە کە دابەشکراوە بە ژمارەی بچووکتر (a/b)

$$\frac{A+B}{A} = \frac{A}{B} = \varphi = 1.618 \text{ (approx.)}$$




چەماوەی فیبۆناچی
1,1,2,3,4,8,13,21,...

چەماوەی فیبۆناچی


چەماوەی فیبۆناچی لەسەر بنەمای زنجیرەی فیبۆناچی ژمارەکانە کە بەشەکانیان بە شێوەیەک زیاد دەبن نزیکە لە ڕێژەی زێڕیندا .(φ = 1.618)


## یاسای سێیەم

یاسای سێیەم جۆرێکە لە پێکهاتن کە تێیدا وێنەیەک بە یەکسانی دابەش دەبێت بۆ سێ بەش، هەمووی بە ئاسۆیی و بە ستونی یەکسان دابەشکراون بابەتی وێنەکە لە چوارچێوەی ئەو هێڵە دابەشکردنانەدا دادەنرێت، یان بە درێژایی یەکێک لە هێڵەکان.


شیاوترین و ڕێکترین دابەشکردنی یاسای سێیەم کە بنەماکەی لەسەر دانراوە دانانی بابەتی سەرەکی هێڵکاریەکەیە لە بەشی سێیەمی وێنەکە یاخوود لەسەر درێژای یەکێک لە هێڵەکان.

یاسای سێیەم لە بنچینەدا جۆرێکی ئاسانکراوی ڕێژەی زێڕینە کە لە پێکهاتەی وێنەدا بەکاردێت.





یاسای سێیەم جێبەجێکراوە



یاسای سێیەم جێبەجێنەکراوە

## وشەسازی

| | |
|---|---|
| هێڵکاری | Sketch |
| پێرسپێکتڤ | (Perspective) ڕوانگەکردن، |
| ڕووتەخت | Plane |
| ڕووچن | Texture |
| شێوگ | Form |
| تەن | object |
| پێنوسی مەرەکەب | ink pen |
| شەید | shade |
| وێناکردن | imagination خەیاڵکردن، |
| فیگەر | figure، بەکاردێت بۆ زانینی گەورەی و بچووکی پێکهاتەیەک |
| پێوانە | scale، پێوەرێکە بەکاردێت بۆ زانینی قەبارەی بچوکراو و گەورەکراوی پێکهاتەیەک |
| مەتریاڵ | material |
| تۆن | ton |
| ڕێندەر | render |
| پێکهاتە | composition |

# دوا قسە

گەلەک پیرۆزە کە تاکو ئێرە هاتوویت، هیوادارم چێژت لەم گەشتەت
دیبێت، شتی نوێ دەربارەی هێڵکاری فێربوبیت و تێبینی و
تەکنیکەکانت بە باشی بەکارهێنابێت لەگەڵ ئەوەش ئەمە کۆتایی نییە

ئەگەر شتێک هەبێت من پێم خۆش بێت لەگەڵ خۆت ببەیت ئەوەیە بیرت
بێت  ناتەواوییەکان هێڵکاری دەستی زۆر جیاواز دەکەن. شوێندەستی
مرۆڤ رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە هێڵکاری تەلارسازیدا و هەموو
کەسێکُ دەتوانێت شێوازی خۆی بدۆزێتەوە، بۆیە هیچ ڕێبازێکی ڕاست
و هەڵە نییە. کراوەبە، زۆر تاقی بکەرەوە، خاکی بە و بەڕدەوام بە لە
ڕاهێنان.

دڵخۆشم ئەگەر تۆ چەند سودێکت لەم کتێبە وەرگرتبێت، وە بە
دڵنیایەوە فیدباکەکانت بەرز دەنرخێنم، ئازاد بە لە هەر سەرنج و
ئامۆژگارییەکت بۆ بەرەوپێشچوونم .

بەهیوای چێژبینین لە هێڵکارییەکانت

نوسەر

# دەربارەی وەرگێڕان



## ڕاستی کاوێس عبدالله
تەلارساز

ئەندازیاری تەلارساز لە کۆمپانیای (پارتنەر ستۆدیۆ)
بەرپرسی پەیوەندییەکانی ناوەندی (ڕەخنەی تەلارسازی)
وەرگێر لە کتێبی (۱۰۰۱ فۆرمی بیناسازی)
نوسەری نامیلکەی (۱۲۱ پێناسەی تەلارسازی)

ڕاستی کاوێس :: Rastykawes  Rasty_kawes  Rasty Kawess



## ڤەهێل ئاسۆ حەسەن
تەلارساز

ئەندازیاری تەلارساز لە (MCA) (2021-2020)
سەرپەرشتیاری کاری ئەندازیاری لە کۆمپانیای whitefox لە فرۆکەخانەی
نێودەوڵەتی هەولێر
بەرپرسی سۆشیال میدیای ناوەندی (ڕەخنەی تەلارسازی)
نوسەری نامیلکەی (۱۲۱ پێناسەی تەلارسازی)

Vahel Aso Hassan  Vahel_aso

# دەربارەی نوسەر



## دەیڤید درازیل
تەلارساز

ئەندازیاری تەلارساز لە Cigler Marani Architects
ئەندازیاری تەلارساز لە KHR Architecture
براوەی خەڵاتی yellow card
نووسەری کتێبی  تەلارسازانە هێڵکاری بکە

David-Clynk Design  Davidclynk

# تەلارسازانە هێڵكاری بكە

وەرگێڕانی: ڤەهێڵ ئاسۆ حەسەن
ڕاستی کاوێس عبداللە

نوسینی: دەیڤد درازیل



"ئەمە کتێب نیە، خولێکی پڕاکتیکیە!
کردار و ڕاهێنان زیاتر نا، ئەوەی پێشکەشتی دەکەین بابەتێکی کرداریە. زۆر جار تەلارسازەکان دەڵێن ئارەزوو و سەلیقەی هێڵکاریکردنم نیە و ناتوانم فێربم، لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە تەواو هەڵەیە ، تۆ ئەگەر لەژیانت دا هەرگیز بەژداری خولێکی هێڵکاریکردنت نەکردووە و هەرگیز هەوڵت نەداوە لە هەمان کاتدا سەرزەنشتی خۆت بکەیت کە ئارەزووی هێڵکاریکردنت نیە ئەمەیان ناهەقیە بەرامبەر بە خوودی خۆت"

ڕەخنەی تەلارسازی

07507580003
07504306023

ڕەخنەی تەلارسازی